**پاشكۆی ٢**

## كۆكردنەوەی ڕاستیەكان لەپێناو پێشكەشكردنی ئامۆژگاری

**پێشەكی** : پێش ئەوەی باوەڕدار ئامۆژگاری كەسانی تر بكات دەبێت فێری سەرنج و گوێگرتن و پرسیاركردن بێت. دوای كۆكردنەوەی هەموو ئەوانەی پێویستن لە ڕاستیەكان وزانیاری ئەوكات دەتوانێ ئامۆژگاریەكی باش پێشكەش بكات ویارمەتی خەڵكی بدات بۆ وەرگرتنی بڕیاری باش. پەندەكان پڕن لە ڕاستی و دانایی سەبارەت بە سەرنج وگوێگرتن وپرسیاركردن وەك ئەمانەی خوارەوە :

**١. تێڕوانین وسەرنجی خەڵكی بزانە .**

**ئاشكرای بكەوگفتوگۆی لەبارەوە بكە** : چۆن دەكرێ ئەو شتانەی دەیبینیت و سەرنجی دەدەیت یارمەتیدەر بێت بۆ كۆكردنەوەی ڕاستیەكان و پێشكەشكردنی ئامۆژگاری ؟

**أ. سەرنجی شێوازی ژیانی خەڵكی وهەڵسوكەوتیان بدە .**

پەندەكان ٢٤: ٣٠- ٣٤ **بخوێنەوە** كە دەفەرموێ : " بەلای كێڵگەی پیاوی تەمبەڵ تێپەڕیم،بەلای ڕەزەمێوی كەسی تێنەگەیشتووش. چقڵ هەمووی داگرتبوو،گەزگەزكە هەمووی داپۆشی بوو، كەڵەكە بەردەكانیڕووخابوو. تەماشام كرد و لە دڵی خۆمدا لێكم دایەوە،بینیم و وانەم لێ وەرگرت:كەمێك خەوتن، كەمێك خەواڵووبوون،كەمێكیش دەست تێكنان بۆ ڕاكشان، ئینجا هەژاریت وەك چەتە دێت، نەبوونیشت وەك چەكدار. " دەبێت فێربیت سەرنجی شێوازی ژیانی خەڵكی بدەیت تاكو بتوانی ئەو وانەیە فێربكەیت كە دەیبینی لەژیانیاندا . بۆ نمونە سەرنج دان لە تەمبەڵی دەتوانی فێری بكەیت بۆچی هەژار بوە .

**ب. سەرنج لە دۆخ وباری خەڵكی بدە .**

پەندەكان ٢٧: ٢٣ بخوێنەوە كە دەفەرموێ :" باش حاڵی مێگەلەكانت بزانە،
دڵت هەر لەلای ڕانە مەڕەكانت بێت، " دەبێت بەردەوام سەرنج لە باری جەستەیی و سۆزداری و كۆمەڵایەتی باوەڕداران بدەی ئەوانەی خودا خستویەتیە نێو دەستەكانت تاكو بایەخیان پێبدەی . دەبێت لە خۆت بپرسی بۆ نمونە ، ئایا ئەو نەخۆشی وپەتا بەردەوامە كاریگەری دەكاتە سەر باوەڕداران و خێزانەكانیان ؟ بۆچی فلان كەس لە ڕووی سۆزداریەوە ڕووخاوە ؟ بۆچێ ئەوانی تر بەلایەنەوە قورسە مامەڵەی لەگەڵدا بكەن ؟ بۆچی دوورە لە كۆبونەوەو خزمەتەكانی كڵێسا؟ بە سەرنج دانت بۆ باری باوەڕداران ئەوانەی وەك ئەمانەتێك خودا لای تۆ دایناون ئیدی توانای زیاتر دەبێت لە پێشكەشكردنی ئامۆژگاری بۆیان و یارمەتیدانیان .

**ج. سەرنج بدە لە پەیوەندی ناتەواوی خەڵكی .**

مەرقۆس ٣: ٤- ٥ بخوێنەوە . واتای بەیەكگەیشتن و پەیوەندی بێ ووتە گەیاندنی هەست و هەڵوێستە بە بێ ووتنی شتێك . ڕەنگە ئەم جۆرە پەیوەندیە گوزارشێكی دیار بێت لە ڕێگەی ڕوخساری مرۆڤەوە یان لە ڕێگەی جوڵەی دەست و شانی تاد. ئیدی بەم شێوەیە وەك لە ڕێگەی هەڵسوكەوتە گشتیەكانەوە لە بارودۆخە جیاوازەكاندا وەكو شێوازی دانیشتنی و ڕێكردن وكاركردنی و وەڵامدانەوەی و

پەرچەکردارەکانی یەوە . ڕەنگە ڕوخساری گوزارش بکات لە توڕەبوون یان ڕق لێبونەوە یان بەرهەڵستی یان ترس ، بێهیوایی ، سەرسام بوون ، دڵەڕاوکێ ، خەمۆکی تاد..

بەڵام لەیادت بێت نابێت پشت ببەستی بە پەیوەندی و بەیەکگەیشتنی بێ ووتە ، وە ناتوانی بەهۆی گوزارشەکانی ڕوخسار یان جەستەیەوە حوکمی بەسەردا بدەیت .

**٢. فێر بە گوێ لە خەڵکی بگریت .**

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چۆن دەکرێ ئەو شتانەی گوێی لێ دەگری ببێتە هۆی یارمەتیدانت لە کۆکردنەوەی ڕاستیەکان وپێشکەشکردنی ئامۆژگاری ؟

أ. گوێبگرە بۆئەوەی تێبگەیت .

پەندەکان ١٣: ١٥؛ ٢٧: ٢٥ بخوێنەوە کە دەڵێت : " ئەوەی سووکایەتی بە فێرکردنەکە بکات خۆی لەناودەبات،بەڵام ئەوەی ڕێزی بۆ ڕاسپاردەکە هەبێت پاداشتی دەدرێتەوە. " ... " کاتێك کا نامێنێت و گیا دەردەکەوێت،
گیاوگۆڵی شاخان کۆدەکرێنەوە، " تا زیاتر گوێبگری زیاتر تێدەگەیت. وە تا زیاتر گوێبگری لە کەسی بەرامبەر ئەو هەست دەکات کە تۆ گرنگی پێدەدەی و گوێی لێدەگری لەوەی دەیڵێت . جیاوازی هەیە لە نێوان تەنها گوێگرتن و گوێگرتن بە تێگەیشتنەوە لە کەسەکە لەوەی دەیڵێ و لەو سەرنج و تێبینیانەی کە هەیەتی لەبارەی کێشەکەیەوە ، ڕەنگە کەسێك قسەکانی کەمێك شاراوە بن بۆئەوەی بناغەی کێشەکە ئاشکرا نەکات ، چونکە دەترسێ یان بیر لە گرفتێکی زیاتر دەکاتەوە ، ئامانجی تۆ ئەوەیە بەشێوەیەك گوێێ لێ بگری لێی تێبگەیت لە چێ بارودۆخێکدایە یان کێشەکەی چی یە .

ب. گوێبگرە پێش ئەوەی قسە بکەیت .

پەندەکان ١٨: ١٣، ١٥ بخوێنەوە کە دەفەرموێ : " ئەوەی وەڵامی شتێك بداتەوە پێش بیستنی دەبێتە مایەی گێلایەتی و شەرمەزاری بۆی. " ... " دڵی پیاوی تێگەیشتوو زانیاری وەردەگرێت، گوێی دانایانیش داوای زانینی لێ دەکات."

ج. گوێبگرە لە وتەو بەڵگەو بەهانەی هەردوو لا .

پەندەکان ١٨: ١٧ " ئەوەی یەکەم جار سکاڵا بکات لەوە دەچێت ڕاست بێت،هەتا نزیکەکەی دێت و لێی دەکۆڵێتەوە. " ئەگەر دوو کەس سکاڵایان هەبوو لەدژی یەکتر گێلایەتیە تەنها گوێ لە یەکێکیان بگیرێ ، دەبێط گوێ لە هەردوو لا بگیرێ بۆ دەرکەوتنی ڕاستیەکان ئەو کات ئامۆژگاری پێشکەش دەکرێ .

د. گوێبگرە بەڵام بڕوا بە هەموو ئەوانە مەکە گوێت لێ دەبێت .

پەندەکان ١٤: ١٥ " ساویلکە بە هەموو قسەیەك بڕوا دەکات،
بەڵام ژیر دەڕوانێتە هەنگاوەکانی خۆی. "

**٣. فێر بە پرسیار ئاراستە بکەیت .**

پێشەکی : هەندێ جار کەسانێك هەن بەلایانەوە قورسە خەڵکی تر ئاگادار بکەنەوە لە بیرو بۆچوون و حەزەکانیان ، یان ئەزمونە تاڵەکانیان . بۆیە زۆر گرنگە باوەڕدار فێر بێت پرسیاری باش بخاتە ڕوو ئەوەی دەبێتە مایەی یارمەتیدانی کەسی بەرامبەر بۆ ئەوەی قسەی ناو دڵی بکات .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چۆن دەکرێ پرسیارەکەت یارمەتیدەر بێت بۆ کۆکردنەوەی ڕاستیەکان وپێشکەشکردنی ئامۆژگاری؟

تێبینیەکان .

أ. پرسیار بکە بۆئەوەی ڕاستی زیاتر وزانیاریت دەست بکەوێت .

پەندەکان ٢٥: ٢ " ڕێزداری پاشایان لە لێکۆڵینەوەی بابەتدایە. " دەبێت بەردەوام بیت لە پرسیار کردن تاکو بزانی و تێبگەی بە تەواوی لە ڕاستیەکان و هۆکارەکان لەپێناوی پێشکەشکردنی ئامۆژگاریەکی بەرپرسانە .

ب. پرسیاری پێچەوانە بکە بۆ ئاشکراکردنی نا ڕاستی .

مەتا ٢١: ٢٤ " عیسا وەڵامی دانەوە: «منیش پرسیارێکتان لێ دەکەم، ئەگەر وەڵامتان دامەوە، ئەوا پێتان دەڵێم بە چ دەسەڵاتێك ئەمانە دەکەم. "

ج. پرسیارێك بکە یارمەتی خەڵکی بدات بۆ بیرکردنەوە .

لۆقا ١٠: ٢٦-٢٨ " ئەویش پێی فەرموو: لە تەوراتدا چی نووسراوە؟ چۆن دەیخوێنیتەوە؟ وەڵامی دایەوە: بە هەموو دڵ و بە هەموو گیان و بە هەموو توانا و هەموو بیرتانەوە یەزدانی پەروەردگاری خۆتان خۆشبوێت، هەروەها نزیکەکەت وەك خۆت خۆشبوێت ، عیسا پێی فەرموو: وەڵامەکەت ڕاستە، ئەمە بکە، ژیانی هەتاهەتایی بەدەستدەهێنیت. "

٤. فێر بە دانایی بەدەست بهێنە لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز و لێکۆڵینەوەی .

بزانە : کتێبی پیرۆز چی فێر دەکات سەبارەت بە دەسەڵاتی خوداو ئاشکراکردنی خواستەکانی ؟

باوەڕداری مەسیح باوەڕی هەیە کە خودا دەسەڵاتدارە بەسەر هەموو بەدیهێنراواندا ، وە پلانی هەیە بۆ بەدیهێنراوان و ئادەمیزاد و ڕوداوەکان ئەوەی ڕوو دەدەن . بەڵام خودا هەموو پلانەکانی خۆی ئاشکرا ناکات بۆ ئادەمیزاد سەبارەت بە گەردون و مێژووی ئادەمیزاد ئیشایا ٥٥: ٩ " بە بەرزی ئاسمان بەسەر زەوییەوە،ئاواش بەرزە ڕێگاکانم بەسەر ڕێگاکانتان و بیرکردنەوەم بەسەر بیرکردنەوەتان. " بە شێوەیەکی گشتی خودا ڕوداوەکانی ئایندەی ژیانمان ئاشکرا ناکات ، بەهەرحاڵ پێویست ناکات بترسین لە ئایندەمان کە نادیارە ، چونکە " ئێمە دەزانین خودا لە هەموو شتەکاندا کار دەکات بۆ چاکەی ئەوانەی ئەویان خۆشدەوێت، ئەوانەی بەگوێرەی مەبەستی ئەو بانگکراون، " (ڕۆما ٨: ٢٨) . خودا بە خۆشەویستیەکەی دەسەڵاتدارە بەسەر هەموو شتێکدا !

٥. فێر بە ئامۆژگاری خەڵکی تر بکە .

بزانە ئامۆژگاری کردنی کەسانی تر واتە یارمەتیدانیان بۆ دەستکەوتنی ڕاستی زیاتر لەپێناوی وەرگرتنی بڕیارەکانیان . یارمەتی ئەوانی تر بدە تێبگەن لە ڕاستیەکانی کتێبی پیرۆز و بنەماکانی ئەوەی تایبەتە بەو بابەتەی مشتومڕی لەبارەوە دەکەن . ئامۆژگاری کردن واتە هۆشیار کردنەوەی کەسی بەرامبەر لەمەڕ ئەوەی بزانێت کە خۆی داجار بەرپرسیارە لە بڕیارەکانی بەڵام تۆ یارمەتی دەدەیت بۆ بڕیاری باشتر و بەپێی بنەماکانی کتێبی پیرۆز وخواستی خودا ، وە دەبێت بزانن کە خودا خاوەنی دەسەڵاتی کۆتاییە لە چۆنیەتی ڕێنمایی کردنی کەسەکان . وە دەبێت پێشوازی لەو کەسە بکەیت وەك برا لە ژێر دەسەڵاتی خودا.